

# شووتی به جوانترین شێوه

له وەرزی هاویندا و میوه و سەوزەکان دەرکەوتنەوە، به تایبەتی میوه (شووتی)، به یەکێك له بەروبوومە بەسوود و خۆشەکانی وەرزی هاوین دادەنرێت. بێگومان خانمان دەبێ ئامادەکاری بۆ بکەن لەوەی چۆن کاری دانانی بۆ بکرێت بۆ بەردەم کەس و کار و میوان. وەك دەزانین شێوەیەکی کۆنی ئامادەکردنی شووتی هەیه، ئەویش به پارچەکردنی به چەند پارچەیەکی سێگۆشەیی و سادە.

کەچی بواری جوانکاری و خانمان، گرنگی بەم لایەنەش دەدات لەوەی، چۆن شووتی به جوانترین و ناسکترین شێواز ئامادە بکرێت، ئەوەی دەیبینن چەندین شێوه و دیمەنی شووتییە، به جۆرێك ئامادەکراوه و ئەمەش تەنیا له ڕێگەی چەند ڕێگەیەك بۆ ئامادەکردن و بڕینی شووتی بەم چەند شێوەیەی دەیبینن. هەوڵبدەن سوودی لێوەربگرن.















## بەرداخ

جوانکاری و تایبەتمەندی گرنگی دان به دیکۆر و کەرەستەکانی ماڵ، دەست ڕەنگینی و خانمایەتی خانمانی دەوێت لەوەی چۆن مامەڵه لەگەڵ کەرەستەکانی ماڵ بکەن، به تایبەت کەرەستەکانی ژووری چێشت لێنان



## مۆدەش پێویستی به ڕێکخستن هەیه

مۆدەکانی دەسته جلەکان به جوانی و ڕازاوەیی دەردەکەوێت، بۆیه دەبێ ئەو دەسته جلانه کە بەیەك ستایل و مۆدە ئامادەدەکرێت، دەبێ به شێوازێکی تاك و جوان دەربکەوێت. له لایەکی دیکەش ڕازانەوەیی و هەماهەنگی نێوان پارچەکانی ئەو دەسته جلانه به ناسکترین شێواز خۆی دەنوێنێت.

وەك لەم دەسته جلانه بەدی دەکرێت، چۆنییەتی ڕێگاکانی ئامادەکردنی کەرەستەکان به جوانترین شێواز، ئەم دەسته جلەش پێکهاتووە له مۆدەی پانتۆڵ و کاوبۆی (جینز) لەگەڵ پارچە پێویستەکانی دیکەی جلوبەرگ وەك: کاتژمێر – چاوێلکە – پێڵاو – گوارە – ئێکسسوارەکان – جەنتا. بەمەش دەتوانین جوانی دەسته جلەکان به جوانترین شێواز هەڵبژێرین بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی خانمان.



## و گلاس لـــــه ژووری چێشت لێنان

ئەمـــەش بەهۆی ئەوەی لە بەردەســـتدایە و کاری پێدەکرێـــت، تەنانەت دەبێ ئاگاداری گشت کەرەستەکانی دیکە بین.

یەکێك لەو کەرەستانە بریتییە لە (گلاس و بـــەرداخ)، ئەمەش وەك کەرەســـتەیەك بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنرێت، دەبێ بە جوانترین شێوە لە پاکی و جوانی دەربکەوێت، هەوڵبدە ئـــەو جۆرە گلاس و بەرداخانە هەڵبژێری بۆ ژووری چێشـــتلێنانت نەخش و شـــێوازێکی جوانی هەبێت.







## قەنەفەکان دیکۆری ماڵەکەت دەگۆڕێ

دیکۆرەکان دەبێ بە ناســـکترین شـــێواز دەربکەون، دەبێ جوانی و سەرەنجڕاکێشانی پێوە دیار بێت، لەگەڵ جوانی دانان و کراوەیی لە رەنگەکان و شێوەکانی کەرەستەکان دەبێتە یەکێك لـــە مەرجەکانی جوانی دیکۆرەکانی ماڵ و بە تایبەت کەرەستەی دانانی ژووری دانیشـــتن و میوانـــداری، ئەمەش دەبێ لە رێگـــەی گرنگیدان بە کەرەســـتەکانی وەك قەنەفـــە (کەنەبـــە)، وەك ناوێکی تایبەتی خۆی. دەبێ کەرەســـتەکان بە شـــێوازێکی دروست دابنرێن، تەنانەت دووری و بۆشایی نێوانیان کاریگەریان دەبێ لەســـەر دیمەنی ژوورەکە. یـــان دەکرێت چەنـــد پارچەیەك لـــە ژوورەکانی دیکە دابنرێـــن، وەك پارچە بچووکەکانی قەنەفە لە ژووری نووستن بۆ دانیشتن و بیرکردنەوە و حەوانە.







# بووک و زاوای هەنگ

هەواڵی ئـەو پیاوەمان بڵاوکردەوە کاتێك هاوڕێتی هەزارەها هەنگ دەکات، ئەویش ناوی (هۆیان تۆوان)ە، بەهۆی بەهرەکانی دەتوانێـت هاوڕێتـی هەزارەهـا هەنگ بکات بە جۆرێك بەبـێ ئەوەی ئازارێکی پێبـگات. کەچی بەو دواییە دوای ئەوەی پیـاوی هەنـگ هاوسـەریەتی لەگەڵ خانمێکدا دەبەستێت، بۆیە وادەکات لەگەڵ خێزانەکەشـی هەمان حاڵەتـی هاوڕێتی هەنگ بکات.

وەك دەبینن لە جیاتی ئەوەی زاوا و بووك قات و کراسـی تایبەت بپۆشـن، کەچی جلێکی لە هەنگیان پۆشیوە و دەبن بە بووك و زاوای هەنگ.



# قاچی زیادە لە جەستی گیانداران

گیاندارەکانی جەسـتەیان ناشیاوە و یان بەهۆی گرفتێك کارێکی بەسەردا هاتـووە، یان بە جۆرێك لـە کاتی لە دایك بوونیان بەشێکی جەستەیان نابێت یان زیادە دەبێت. ئـەوەی دەیبینن دوو حاڵەتی سەیرە لەوەی بەشێکی زیادە لە جەستە هەبێت. ئەوەی یەکەم بۆ چێڵێکە و لە وڵاتـی ئوسـتراڵیا دەرکەوتووە، قاچێکـی زیـادەی لـە لای ملـی دەرکەوتووە و تا ئێسـتاش چارەسەری بۆ نەکراوە. ئەوەی دووەمیش قاچێکی زیادەیە لە دواوەی ئاسـکە مامزێکدایە ئەویش لە وڵاتی نەرویژدا دەرکەوتووە، ئەوەی سەیر سەرەڕای بوونی ئەو بەشە زیادانە کەچی کارناکاتە سەر جووڵە و ڕۆیشتنیان.

# خاوەنی درێژترین زمان سەرتاشە



ئەو مرۆڤانەی خـاوەن جیاوازییەکن لە جەسـتەیان ڕێژەیان کەمە و یان شـتێکی جەسـتەیان جیاوازی هەیە لە مرۆڤەکانی دیکە، یەکێك لەو کەسانە ئەو گەنجەیە لە وڵاتی تورکیا دەژییێت و خاوەن سـەیرترین زمانە، لەگەڵ ئـەوەی کاری ئەو گەنجە سەرتاشینە، کەچی خاوەن درێژترین زمانە لە گشت جیهان.

(عەلائەدین یەل)ی تەمەن (٣٥) ساڵ، خـاوەن درێژتریـن زمانە ئەمـەش کاتێك هەست دەکات زمانی جیاوازییەکی هەیە لە زمانی کەسـانی دیکە. درێژی باڵای ئەو پیاوە دەگاتە نزیکەی ( ١٦٥) سەنتیمەتر، درێژی زمانیشـی دەگاتە نزیکەی (١٦) سـەنتیمەتر، واتە (٧) سەنتیمەتر زیاتر لە زمانی مرۆڤێکی ئاسایی.

# پێڵاوێک لە شێوەی قاچی مرۆڤ



پێـڵاوە جوانەکان هەر یەکـە بە جۆرێك دروست دەکرێت بۆ ئەوەی سەرنجراکێشی و جێگەی جوانی هەستی مرۆڤ بێت. کەچی وادیارە شـێوەی دروسـت کردنی پێڵاوەکان ڕێگەیەکی دیکەیان گرتووە بۆ ئەوەی شتی جوان دروسـت بکرێت، یەکێـك لەوانە پێڵاو لەسەر شـێوەی قاچ و پێ مرۆڤ. ئەوەی دەیبینن پێڵاوێکە لە خـوارەوە وەك پەنجە و قاچی مرۆڤ دروسـت کراوە و لەسەرەوەش بـە قەیتان و شـێوەی پێڵاوێکی ئاسـایی وایە، واتە ئەگەر ئـەم پێڵاوە لەبەر بکەیت و شـتێکی بەسەردا بدەیت، وادەزانرێت بەبێ خاوس هاتوویتە دەرەوە !



# پیتزای (کرم)یش پەیدا بوو!

خواردنە خۆشەکان لە جیهاندا هەن، هەر نەتەوەیەك یان هەر وڵاتێك بە چەندەها خواردن بەناوبانگن، یەکێك لەو خواردنانەی لە سەرتاپای جیهان گرنگی پێدەدرێت و جەماوەرێکی زۆری هەیە، بریتییە لە (پیتزا)ی ئیتاڵی، بە خۆشترین خواردنی ئامادەکراوی سەدەی بیست و یەك دادەنرێت، کەچی بەم دواییە گۆرانکاری بەسەر خواردنی پیتزا کراوە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا وەك کۆریا و ژاپۆن و چین، بەهۆی ئەوەی لەم وڵاتانە و چەندین وڵاتانی جیهان خواردنی کرم و گیاندارە خشۆکەکان دەخورێت، بۆیە کرم و گیانداری بچووکیان خستۆتە سەر پیتزا بۆ ئەوەی بە خواردنێکی خۆش دابنرێت.







## دوو سەر و یەک جەستە

حاڵەتەکانی جمك و یان زیاتر لە جمکێك لە چەندین شوێن و لایەنەکانی جیهان دەردەکەوێت، بەمەش دەبێتە حاڵەتە جیاوازەکان لە حاڵەتە ئاساییەکان. ئەوەی دەبینن حاڵەتێکی دیکەیە لە بوونی جمکە منداڵێك، لەوە زیاتر جیاوازتر ئەوەیە جەستەی ئەو دوو جمکە منداڵە بەیەکترەوەیە.

لە وڵاتی ئەندونوسیا لە کەنداوی (ریاو)، حاڵەتێکی جمکە منداڵێکی بەیەکەوە لە جەستە بوو، ئەوەی سەیر بێت یەك جەستەیە و دوو سەری هەیە، ئەو حاڵەتە لە چەندین حاڵەتی دیکە روویداوە، چارەسەریش دەبێ نەشتەگەرییان بۆ بکرێت بۆ جیاکردنەوەی یەکێك لەو سەرانەی کۆنترۆڵی جەستە ناکات.



## بەهێزترین پەنجە

ئەوەی سەیرێکی ئەو گەنجە بکات، سەیری بە وێنەکە دێت و رەنگە بڵێت: ئەوە کارێکی فێڵکاری چاوە و تەنیا بۆ وێنە کاری لەم جۆرەی ئەنجامداوە. بەڵام دەبێ باوەڕ بە راستەقینەی ئەو وێنەیە بکەین لەوەی راستەقینەیە و ئەو گەنجەش خاوەن بەهێزترین پەنجەکانی دەستە و دەتوانێت چەندەها کاری پێوە ئەنجام بدات.

ئەو گەنجە ناوی (هاودێنگ)ە و لە وڵاتی چین دەژییێت، دەتوانێت جەستەی خۆی و چەند کەرەستەیەکی دیکەش هەڵبگرێت و لەسەر پەنجەکانی بوەستێت یان دانیشێت. نەك گشت پەنجەکان تەنیا دوو پەنجە لە یەکێك لە دەستەکان!.

# منداڵێک بە چەندەها قاچ





ئەوانەی بەهۆی نەخۆشـــییەکی جەستە یان کێشـــەیەك لە جەستەیان تووشی نارێکی لە جووڵەیان دەکات، چەندین چارەســـەری و رێگەیان بۆ ئامادەکـــراوە لەوەی چۆن بتوانێت لە کێشەکەی رزگاری بێت.

ئەوەی دەیبینن منداڵێکی بچووکە و لە وڵاتـــی ئەڵمانیا دەژییێت، ناوی (ماشـــەر)ە و هەردوو قاچەکانی لە دەست داوە و ناتوانێت بڕوات.

دوای ئـــەوەی حاڵەتەکەی دیاری دەکرێـــت، بۆیە بیر لـــە دانانی قاچی دەســـتکردی بۆ دەکەنـــەوە، بە جۆرێك کۆمەڵێـــك قاچی بۆ دانێـــن تاوەکو لە گشـــت حاڵەتەکانی ژیانـــی جووڵە و یاری و مەلە و چەندین کاری دیکەش بکات.

وەك دەبینن وێنەیەکی لەگەڵ گشت قاچەکانی گرتووە.







# رووخساری شـــەیتـــان



ئـــەو پیاوەی بـــە چەندەهـــا نەشـــتەرگەری و یســـتی رووخســـاری بکاتـــە ســـەر ئەو شـــێوەی بۆ شەیتان دادەنرێت، ئەمـــەش وەك دانانـــی شـــاخ لەسەری و دوو پارچـــە کردنی زمان، لەگەڵ چەندیـــن کاری دیکەی ناشیاو و لە رووخساری مرۆڤ دوور بێت.

ئەوەی دەیبینن ئەو پیاوەیە وەك شێوەیەکی ناشـــیرین و نا شایســـتە دەردەکەوێت بە جۆرێك ئـــەوەی ســـەیری بـــکات ئاهێکـــی بـــۆ دەکێشێت.

بـــەم دواییە لە گشتویلایەتەکانی ئەمەریـــکا دەرچوونـــی ئەو پیاوە قەدەغەکراوە و نابێـــت لە دەرەوە بێت تاوەکو شێوەی چاك نەکاتەوە بۆ سرووشـــتی خۆی، کەچی خۆی دەڵێت: ئـــــــیســـــــقانەکانی ســـەرم گەشەیان کردووە و ئێستاش نابێت ببڕدرێت، چونکە رەنگە بمرم!


# تابلۆیەک لـ

جوانـــی تابلـــۆك ان لـــە جوانـــی و ئامادەکردنی شـــێوەکانیان دەردەکەوێت، کەچی ئەو تابلۆیە بە جوانترین شـــێواز دەردەکەوێت و جوانییەکی گەورەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەوەی لە چ دروســـت کراوە، کێ بیـــری کردۆتەوە لە ســـوود وەرگرتن لە



# خانوویێک لە خوێ دروست کرا







دروست کردنی کارە سەیرەکان بە چەندەها ڕێگە دەردەکەوێت و دەکرێت هەر کەسێك کارێکی تایبەت و جوان ئامادە بکات، تەنانەت کەرەستەکان هەیە بۆ گشت کەسێك بتوانێت کارێکی لەم جۆرە کەرەستە سەیرانە دروست بکات. ئەوەی دەیبینن خانوویەکە وەك هەر خانوویەکی ئاسایی، تەنیا جیاوازییەکی گەورە و سەیری هەیە.

جیاوازی ئەو خانووە لەوەدایە لە کەرەستەی وەك بیناسازی دروست نەکراوە، لە وڵاتی یۆنان لەسەر کەناری دەریاییەك بەهۆی زۆری ماددەی خوێ لەسەر ئەو لێواری دەریایە، توانیان سوود لەم خوێیە وەربگرن لەوەی خانوویەکی سەیر و جوانی لێوە دروست بکەن. وەکو لە وێنەکاندا دەبینن چۆن گشت کەرەستەیەك لە (خوێ) یە !

# ١٠ کەس کراسی بووکیان هەڵگرتووە



دوای ئەوەی ماوەیەك لەمەوبەر باسی درێژترین کراسی بووکمان کرد، کەچی حاڵەتێکی دیکەی درێژترین کراسی بووك دەرکەوتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە جاران زیاتر درێژترە و جیاوازتر بوو. ئەو حاڵەتە لە هەرێمی (گوانگ)ی چینی دەرکەوتووە و درێژترین کراسی بووك بووە کراسی خانمێکی ئەو وڵاتە. درێژی ئەو کراسەی ئەمجارە نزیکەی (٢١) مەتر دەبێت و کاتێك بەناو شۆست و شەقامەکان تێدەپەڕێت نزیکەی (١٠) کەسێك تەرخان کراون تەنیا بۆ هەڵگرتنی کراسەکە لە دواوەی ئۆتۆمبێلی بووك. بەمەش دەبێتە سەیرترین و درێژترین کراسی بووك لە جیهاندا، لەگەڵ ئەوەی خەڵاتێکی گەورە بە خانمی بووك درا لەلایەن حکوومەتی وڵاتی چین.

هێلکە بۆ ئەوەی وەك کەرەستەیەکی تایبەت دابنرێت لە دروست کردنی کەرەستەیەك، لە وڵاتی (ژاپۆن) لەلایەن دوو ئەندازیار توانیان گەورەترین تابلۆ دروست بکەن لە هێلکە، بۆ دروستکردنی ئەو تابلۆیە سوود لە ڕەنگی (سپی و قاوەیی) هێلکە وەرگیراوە.





# وەک ئەو خانمە مەکە!

ئەو خانمەی دەیبینن توانا و بەهەرەیەکی سەیری هەیە، تەنانەت بەرەکە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکانی دیکەیە، لەوەی چۆن ئەو خانمە دەتوانێت کاری لەم جۆرە بکات. کارەکەش بریتییە لە دانانی پەنجەیەکی بۆ ناو چاوی، لەوێشەوە پشت سەری پەنجەی لە پشت چاوەکانی دەردەکەوێت، بەمەش دەتوانێت پەنجە لە ناو چاوی بنێت و بەبێ ئەوەی ئازارێکی پێبگات.



# هاتوچۆ لە هیندستان

شێوازەکانی هاتوچۆ بە چەندها رێگە و شێواز دەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا نوێکاری و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، یەکێك لەوانە بریتییە لە هاتوچۆی خەڵك پێشتر بە هۆی گیانداران بووە و دواتریش ئوتۆمبێلی پێشکەوتوو وەك پاس یان هەر ئوتۆمبێلێکی دیکە. کەچی ئەوەی دەیبینین دیمەنێکی سەیرە لە وڵاتی هیندستان، ئەو کۆمەڵە کەسە بەسەر ئوتۆمبێلێکی بچووك کەوتوون و، وەك پاسێك کار دەکات، گوێ نادەنە مەترسی کەوتنیان. بەمەش دیمەنێکی سەیر تۆمار دەکات.



# دیمەنێکی ترسناک!

ئەستەمە کاتێك مرۆڤ دەکەوێتە بەر هێرشی گیانداران، بە تایبەت ئەو گیاندارانەی بەهێزن و کاری یاری و گاڵتەی پێوە دەکەن. ئەمە یەکێکە لە دیمەنە سەیرەکانی بەرەڵا کردنی گا سەرشێتەکانە، وەکو دەبینن بەشێکی شاخی گاکە چۆتە ناو قاچی ئەو پیاوەی لە ژێر گاکە کەوتووە. ئەمەش دەبێتە سەیرترین دیمەن و هێرشی گایەکی گەورە بۆ سەر مرۆڤێك.


# پیاوی دوو ژن جەرگی کون کونە!




## بۆ ئاسوودەیت

☺ - بە پیاوێکی جگەرەکێشیان گوت، کە باوکی مرد بەهۆی زۆر جگەرەکێشان: بۆ واز لە جگەرە ناهێنی و چونکە بۆ تەندرووستیت خراپە و باش نییە؟! ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی: چۆن واز لە جگەرە دەهێنم، چونکە باوکمی کوشتووە !

☺ - مامۆستایەك لە قوتابیەك دەپرسێت و دەڵێت: رستەیەکم بۆ بهێنە شەکری تێدا بێت.. قوتابییەکەش دەڵێت: بەیانی دوو چام خواردەوە !! مامۆستا دەڵێت: ئەی کوا شەی شەکر؟! قوتابیەکەش دەڵێت: لەناو چایەکە بوو..



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەم هەفتەیە هەواڵێکی زۆر خۆشت پێ دەگات لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدە پەیوەندی سۆزداریت بەهێزتر بێت و مەهێڵە قسەی خەڵك کار لەپەیوەندی نێوانتان بکات.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

باری داراییت باشتر دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کێشە دارییەکانت، پێویستە لەنزیکترین کاتدا بەرنامەیەکی نوێ بۆ ئەنجامدانی کارەکانت دابنێی.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

خۆت لە تووڕەبوون بپارێزە و پارێزگاری لە ئارامی خۆت بکە کاتێك گفتوگۆ لەبارەی بابەتێك دەکەی، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەستی خۆت بۆ کەسی بەرامبەرت بدرکێنی.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

دوورکەوتنەوە لە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانت وات لێ دەکات هەست بە نائارامی بکەی، ئەمە سروشتی ژیانە، لەجیاتی ئەوە ئەو کەسانەی خۆشەویستن لای تۆ لەیادیان مەکە.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢


ئەم ماوەیە چەند کێشەیەکی بچووك رووبەڕووت دەبنەوە، پێویستە پلانی گونجاو دابنێی بۆ چارەسەرکردنیان. خۆشەویستەکەت لەچاوەڕوانی ئەو بەڵێنە دایە کە پێت دابوو.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەموو توانای خۆت بەکاربێنە لەو کارەی کە پێت دەسپێردرێت بۆئەوەی سەرنجی دەوروبەرت رابکێشی دوای ئەوە دڵنیابە دەسکەوتی گەورە بەدەست دێنیت.

ئا/ هێمن قەسرەیی



**ئاسۆیی:**

١- هەولێر پێی بەناوبانگە .
٢- هەولێر پێی بەناوبانگە.
٣- دوو پیتی تـەن- شەپرێو(پ)- پرس- دوو پیتی فیل.
٤- شارێکی گەورەی بەرازیلە.
٥-شیك(ت)- دەم و چاو- سێ پیتی کەنار.
٦- هونەرمەندێکی میسریە(پ)- یاریزانێکی وەرزشییە.
٧- وڵاتێکی ئەفریقیە- پێنج پیتی بەفراو.
٨- مـــــــــــــــــام(ت) — پێچەوانە — سێ پیتی ساوا.
٩- بازاڕێکی شاری هەولێرە.
١٠- نەخێر(پ) — دوو پیتی نەمام پیتێکی موسیقایە- تۆ.
١١- مەزارگەیەکە لە هەولێر.
١٢- حوکمی پسپۆڕان.

**ستوونی:**

١- گۆرانیبێژێکی کوردە .
٢- بازاڕێکی شاری هەولێرە.
٣- شـــان(پ) چیایەکی کوردستانە(پ)- دوو پیتی پەز.
٤- ئامێرێکی کارەبایی یە(پ)- وەکو یەك- رق(پ).
٥- شاخی(ت)- دوو پیتی هار — چوار پیتی رەنین.
٦- تۆ بە فرەنسی — گێژ — بنێکی E یـە — خواردنی ئاژەلە.
٧- دوو پیتی چـەم- خواردنی ئاژەلو — موو (پ) — دوو پیتی عەکا.
٨- کچە هونەرمەندێکی میسری یە ، تەزیو — مێز (پ).
٩- هاوار (پ) — بزر (پ)- لایا (ت).
١٠- پیتێکی مۆسیقایە، گۆرانی بێژێکی کوردە(پ).
١١- شارێکە لە ئەڵمانییە.
١٢- حوکمی نووسینگەکان.

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخـــاوی مێشک


بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە هەستی پێدەکەیت و نایبینیت)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی دار و بار و گوڵی لێوە دەچێنرێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئاوەڵناوێکە بۆ زیاتر ریزگرتن و نازکردنی لە دواوەی ناوی کچان و خانمان دادەنرێت)
- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (وشەیەکە بە مانای ژێر دێت )!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دۆڵمە) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بەخـت دەبێتە هاوڕێـت لەڕۆژانـی داهاتوودا بـە جۆرێك کـە چاوەڕوانـت نەدەکـرد ئەوەندە هەسـت بە خۆشی بکەیت، پێویسـتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێزتر بکەی.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بۆ ئەوەی بگـەی بە ئاواتەکانت پێویسـتت بە هەوڵدانی زیاتر هەیە، لەبواری سۆزداریدا هێشتا کەسـی بەرامبەرت تۆی لەیادمـاوە و هیوایەك هەیە بۆ دووبارە دروستبوونەوەی پەیوەندی نێوانتان.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

چەند ڕێگایەکت لە پێشە بۆ بڕیاردان لەداهاتووی خۆت سـەبارەت بە پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ رەگـەزی بەرامبەردا، ئـەو ڕێگایە هەڵبژێرە کە بەرژەوەندی خۆتی تێدا دەبینی.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئاگاداری باری تەندرووسـتی خـۆت بە و زیاتر لەپێویسـت خۆت ماندوو مەکە، لەناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا کەسێك سەرنجت رادەکێشێت و لەوانەیە پەیوەندیەکی سۆزداری لەنێوانتان درووست بێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

خۆشەویسـتەکەت بە هەموو شـێوەیەك ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ دڵخۆشـی تـۆ، تۆش هیچ کاتێك هەڵوێسـتی لەیاد مەکە و هەمان هەستی خۆشەویستی پێ بڵێ.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات پەیوەندیەکانت بەرەو پێشتر دەچن و خۆشەویستی نێوان خۆت و کەسی بەرامبەرت زیاتر دەبێـت، هاوڕێیەکت نهێنیەکی گرنگت لا ئاشکرا دەکات.

hemntoni@yahoo.com